www.kurdistannet.org
2-10-2006 12:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆچی تائێستا کۆمەڵگای کوردی ژێر دەستی پیاوسالارییە؟ ... تاڤگە سابیر



ئاشکراو ڕوونە سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەکو سۆسیۆلۆژیاو سایکۆژیا ئەوەندەی بایەخیان بەکۆمەڵگاو تاکەکەس داوە، هەرگیز ئەوەندە بایەخیان بەخودی جەستەی ئەو کەسەنەداوە، ڕاستە مرۆڤ لەسایەی واقیعی کۆمەڵایەتییەوە لەنێو واقیعی مرۆڤایەتییانەیدا گوزەران دەکات. بەشیوەیەک مرۆڤ لە مێژووی پێدراویان کردووە لەگەڵ پێداویستییە مرۆڤایەتیاکان، لەمێژووی دوورو درێژی مرۆڤایەتیدا بۆتە ئامادەبوو ونبووی بەردەوام، دەمێک واتێیدەڕوانرێت گوایە ڕاستی ڕهایەو دەبێت ئاوێتەی ببین و لەگەڵیدا بژین و پێداویستییە ماددی و ژیارییەکانی بۆ دابین بکەین.
هەر لە بونیادبوونی مرۆڤەوە ژن شان بە شانی پیاو لە کارو چالاکی رامیاری و ئابووری و کشتوکاڵیدا بەشداربووە، لە شادی و خۆشییەکان تێکەڵ بە رووحی پیاوان بووەو لە ناخۆشییەکانیشدا دیسانەوە لەگەڵ پیاواندا ئازاری چەشتووە. بە درێژایی مێژوو ئەوە دەرکەوتووە کە ژنان چەوساوەتر بوونە لە پیاوان، چونکە ژنان بۆ نموونە لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا سەرەڕای چەوساوەی دەستی پیاوەکانیشیان بوونە لەگەڵ پیاواندا ئازاری چەشتووە. بەدرێژایی مێژوو ئەوە دەرکەوتووە کە ژنان چەوساوەتر بوونە لە پیاوان، چەوساوەی دەستی پیاوەکانیشیان بوونە. لە کوردستانێکی ئازاددا هێشتا ژیان هەر چەوساوەن، دوای (15) ساڵ سیاسات مەدارانی کورد نایان توانیوە ژن لە کوشتنوو تیرۆرو رزگاریان بکەن.
بەڵام بە دەستی پیاوسالاری و مێردەکانیانەوە هەمان قەوان لێئەدەنەوە، لەسەردەمی کویلەتی ژن جەستەی ئەچەوسێنرایەوە، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە سەرباری جەستەی رووحیشی چەوساوەیەو زۆرجار کاردەگاتە ئەتک کردن و سەربڕین و... هتد بە ناوی داکۆکی کردن لە شەڕەفەوە. ژنان لە کۆمەلگایەکەوە هاتوون کەنەک هەر ماف وئازادییان نییە، بەڵکو رۆژانە لە نیو خێزان و لە کۆمەلگادا بە هۆی چەندین هۆکارەوە کەسایەتی یان دەخریتە ژێر پرسیارەوە. تەنانەت بەوهۆیەوە کە داب ونەریتی پیاوسالاری هەیە ژیانی کورد لەسەرخواست و حەزی خۆیان هاوسەر بۆ خۆیان هەلنابژیرن، کەم نین ئەو کچانەی کە بەم هۆیەوە رووبەرووی سوکایەتی و سەرکوت و توندوتیژی دەبنەوە. پەنابردن بۆ خۆسوتاندن هۆیەکی ئەم راستی ییە. ئەو دوو تێڕوانین و بۆ چوونە هاوتەباو لەیەک کاتیشدا لەسەرجەم کۆمەلگاکاندا بوونیان هەبووەو بەردەوامیش لەململانێدا بوون، یا بەمەبەستی جێلە قکردن و بەلاوەنانی یەکترییەوە لەداوی یەکترەوە هاتوون، بەگشتی لەنێو سەرجەم کۆمەلگا. پیاوسالارییەوە هەرچەندە بە گشتی رووداوەکە جیگای مەحکوم کردنی هەموو لایەک بوو، سەیر ئەوە بوو لە ناو بۆ چوونە کوردیەکاندا ئەو رایەش دەهاتە پیشەوە کە دەڵیت: باوکی باش تەربیەتی نەداوە، لە کاتیکدا تاونەکە بە دەستی باوک خولّقا! هەندیکی تریش بە راگرتنی "حەیای کوردەنی بردیە" لەم رووەوە نایانەویت پەنجە بۆ هۆکار و فەرهەنگی دواکەوتووانەی خۆیان روکێشن. بە داخەوە بەشیک لە فەرهەنگی کۆمەڵگای کوداوەری بە ژن کوژی بەرهەمی دێت! پیاوسالاری و گۆرانی نییە بەڵکو شیوەی تیروانینیشە بۆ ژیان، پیاوسالاری و ئاین و پیوانەکانی ناموسپەرستی و شەرەف تێکەڵا بە فەرهەبگ و دەشتوانیت تاوانی گەورە بخولّقینیت. لە کتیکدا ئەوە کارەساتی ژن کوشتنە کە لە کوردستانەوە پیی ناوەتە کۆمەڵگاکانی ئەوروپاوە!بەڵێ بەداخەوە کلتوری بەشیک لە کۆمەڵگای کوردی دژی ژنە ناموس پەرست و داوکەوتووە ئەمەش تەنها داب و نەریتی هەموو کۆمەڵگای کوردی نییە. مرۆڤایەتییەکان

ئەمڕۆشماندا یەکێک لەم دوو تێڕوانینە باڵادەستن. ڕۆژانە ئەم کارە بەردەوامەو چەندەها ئافرەت دەبنە قوربانی، کچێک خۆی سووتان چونکە باوکی رازی نەبوو بیداتە ئەو گەنجەی خۆی هەڵیبژاردیە، ژنێک خۆی کوشت لەبەر ئەوەی ئیهانەی جەستەی دەکات، یان تەرمێکی ژنێک لە کێواکان فڕێدراوە. لێرەدا پرسیارێ سەرهەڵئەدات کە رووبەڕووی ژنان خۆیان دەبێتەوە. لەوانەش سەیرتر چەندین رێکخراوی ژنان ئافرەتان هەیە کە بەناوی داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن، بەڵام بەداخەوە هیچ کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان.
بۆ نموونە تا ئێستا ناتوانییە رێپێوانێک بکرێت کە بانگەژی داکۆکی لە ژنان و رەشەکوژی تیا بەرزبکرێتەوە، یاخود لەناو رێکخراوانەدا ژنان بتوانن بوونیەتی خۆیان بسەلمێنن.
سوێد 2006